# راستی ڕەوتی، چەوتی کەوتی

ئاریز کوێستانیی

سەردێڕ پەندێکی کوردییەو سەڵاحی گەرمیان بەکاری هێناوە . ناوچەکانی خانەقین و کرماشان زیاتر بەکاری دەهێنن ، بۆ ئەوکەسانەی کە ڕاستن لەگەڵ خۆیانداو چەوتن لەگەڵ خەڵکی تردا ، پێچەوانەکەشی ڕاستە . بەواتایەکی تر ، ئەگەر ڕاست بڕۆیت ، دەردەچیت، ئەگەر چەوتیش بڕۆیت ، ئەوا دەکەویت . سەڵاحی گەرمیان ،لەوەڵام بە عامر ناوێکدا کە پێدەچێ ناوی ڕاستی عەلی بێت ،زۆر بەجوانی وەڵامی عامر و ئەو حیزبەی عامریش ئەندامە تیایدا داوەتەوە ، وەلێ عامری بەناو کۆمۆنیست ئەوەندە عەرەب دۆست و ئینسانییە! ئەوەندە دۆستی تەعریبەکانە ، بۆیە ،ئەو ناوە خۆشەی لەخۆی ناوە، لەکاتێکا راستی عەلی ، راستی عەلییە ، ئەم عامر ناوە چیە؟

عامر گلەیی ئەوە لەسەلاح دەکات کە ناوی سەلاح گەرمیان بووەو ئێستا ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ سەڵاحی گەرمیان ،باشە ئەمە بۆ دەکەی بەکاری خۆت و سەری خۆتی پێوە دەیەشێنیت و دەیکەیت بەمەسەلە، مەگەر تۆ خۆت چەند ناوت هەیە، مەگەر رابەرەکانی خۆت هەریەکەو چەندین ناویان نییە؟ . بەڵام چونکە عامر تێکەوتووە و تازە بەتازە زانیوییەتی سەڵاحی گەرمیان و سەڵاح گەرمیان دوو کەسی جیاوازن ، بۆیە ئەم بڕوبیانووانە دەکاتە مەسەلە و گاڵتە بەناوەکەی سەڵاحی گەرمیان دەکات.

هەرچی هەڵدەستێ و دادەنێشی بە ئەندامانی ئەو گرووپەی عامر دەڵێ چەوتنووس ، نەشارەزا لەنووسیندا،بێ ئاگا لە زمانی کوردیی ، کۆڵەوار لە داڕشتندا ، وەلێ عامر دێت ، باسی شتی گەورەگەورە دەکات ، باسی کەسی سێیەمی تاک و شتی سەیرومەیری وەکو کۆ و مۆ دەکات.. بەقەولی ئەحمەدی شاملو ، ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم!. عامر هاتووە بۆ پڕکردنەوەی کەلەبەرە گەورەکانی خۆی و حیزبەکەی ، کوردییەکی چەوتی ڕادیۆیەکی گرتووە بەدەستەوە،بەڵام وەڵامەکانی سەڵاحی گەرمیان نابینێت ، بۆیە هاتووە فێری ئامرازی ( کۆ) مان دەکات لەزمانی کوردیدا،کەسەرلەبەری نووسینەکەی هەڵەی زمانەوانییە! تەنانەت سەردێڕی وتارەکەشی هەر بەهەڵە نووسیوە. ئەم گرووپە لەو پەندە تێناگەن ، نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب، چێکردنی وەهمەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و زمانەوانیی کوجا مەرحەبا!.

کەچەڵ حەسەن ،حەسەن کەچەڵ لەکوردەواریدا یەکن و پاشوپێشکردن پێیان هیچ لەناوەڕۆکی بابەتەکە ناگۆڕێ، بۆیە عەرەبە فاشیستەکان و فاشیستەعەرەبەکان دوو ڕستەن لەمانادا یەک شت دەگەیەنن تەنها لە ڕیزکردنی وشەکاندا جیاوازییان هەیە . هێشتاش دەکرێ بگوترێ کە فاشیستە عەرەبەکان بەهەندێ سنووردارییەوە ، ئاماژە بۆ کۆمەڵێ عەرەب دەکات کە فاشیستن، بەڵام کە گوتت عەرەبە فاشیستەکان ،واتایەکی بێ سنوور لە فاشیست بوونی عەرەب دەگەیەنێت . لێ عامر تێکەوتووە و نازانێ چۆن خۆی لەم گۆڵمەزەی دەربکات،تێکەوتووەو بەسەرخۆیشی ناهێنێت ،ترسی ئەوەشی لەحیزبەکەی هەیە کە نابێ بەعەرەب بگوترێ فاشیست و شۆڤینیست،

بۆیە بەپشتی دەستی پاکانە بۆ لەپی دەستی دەکات . ئەمە لەهەلومەرجێکدایە کە خۆی ناولەپی خۆی خوێندووەتەوەو پێویستی بە شێرو ڕێوی هێنانەوە نییە.

باشتر وابوو عامر بیگوتایە هەڵەمکرد ، من مەبەستم لەبەشێک لە شۆڤینیستەکانی عەرەب بووە، نەک بێت بیانوو دابتاشێ و بە کوردییەکی چەوت و سەروگوێلاک شکاو ، چەوتییەکانی سەلاحی گەرمیان ڕاستبکاتەوە. بەدبەختی کورد لەوەدایە عامر ناوەکان زۆرن و زمانی کوردیی ئەوەندەی تر کەساس و بێحاڵ نیشان دەدەن . ئەوەی ئەلفوبێی زمانی کوردیی و ڕێزمانی کوردیی بزانێ ، قەناعەت بەوە ناهێنی کە عەرەبە فاشیستەکان یانی بەشێکی دیاریکراو لەعەرەب،ئەگەر بیکەینە عەرەبیی ، کە بەداخەوە عامر پێ ناچێ عەرەبیش بزانێ ئاوا دەردەچێت ، ( العرب الفاشیون )، بەڵام کە دەڵێی (الفاشیون العرب) ، یانی دیاریی دەکەیت کە فاشیستەکانی ناو عەرەب.

بەم شێوەیە کوردیی و عەرەبیی وێک ناکەونەوە لەپاشوپێشکردنی وشەکاندا واتە هەمان کەچەڵ حەسەن و حەسەن کەچەڵەکەی لەمەڕخۆمان} دەرناچێتەوە . عامر لەشوێنێکی تریشدا بێ سەوادیی خۆی و هەموو ڕابەرەکانیشی لە زمانی عەرەبیدا دەستنیشان دەکاتەوە. گوومانیشی تیادا نییە کە عامر پرسی بە عەرەبیزانەکانی ناو حیزبەکەی کردووە لەمەڕ وشەی تەڵقین، ئەم برادەرە پێ دەچێت هەر لەسەر گۆڕ و مردوو ناشتن تەڵقینی بیستبێ ، بۆیە نازانی تەلقین ( تلقین ) چاووگە بۆ فرمانی ( لقن) ، ئەگەر بڵێین سەلاحی گەرمیان دەرسێکی عامری دا ، دەبێ بنووسین کرمیان لقن عامر درسا ( گەرمیان لەقەنە عامیرە دەرسا )، ئەگەر بەشێوەی نادیار بنووسین و بڵێین دەرسێکی باشی عامر دادرا، دەبێ بڵێین ( عامر لقن احسن درس ) ( عامیر لوقینە ئەحسەنە دەرسین ) ، او لقن عامر احسن درس .

بەراستی و بەسەری راستی عەلی ، سەلاحی گەرمیان غەدرێکی گەورە لەخۆی دەکات ، ئەگەر وەڵامی عامر بداتەوە ، چونکە عامرو هاوبیرەکانیی، نەچاویان هەیە، نەدەبیستن و نەگوێش لەکەس دەگرن،ئەوە نییە بە سەلاحی گەرمیان دەڵێ ، باشتر بوو هەندێ لەو سووکایەتییانەی ڕیز بکردایە.... ئایا ئەستوورایی ئەو ڕووە چەند فرسەخی نێوان هەسارەکان ئەستوور دەبێت ، ئاوا بێ سێ و دوو وشەڕیزبکەیت بەسەریەکدا و بڵێی سووکایەتیمان بەگەلی کورد نەکردووە.
باهەندێ لەو سووکایەتییانەی کە هاوبیرانی عامر و حیزبەکەی عامرو{ ال عامر } بە گەلی کورد و سەرکردەکانی کورد و کولتووری کوردیان کردووە لە چەند مانگی ڕابردوودا ،ڕیزبکەین ، کە مشتێکن لەخەروارێک. خشتێکی کەچە لە باڵاخانەی سووکایەتییەکانی بیریارە گەورەکانی عامر بەگەلی کوردا!.

١- خەلیفەی بەهەشتیی مەنسووری حیکمەت واتە ئاغای حەمیدی تەقوایی، گاڵتەی بەزمانی کوردیی وکولتووری کوردیی و شایی کوردیی و گۆرانیی کوردیی نەکرد لە کۆنگرەی پێنجەمی حککادا ؟ . تەنانەت زمانی عەشق و خۆشەویستیی کوردەکانی سنەو سابلاغ و بۆکان و مەریوان ....هتد بە زمانێکی دواکەوتوو دانەنا ؟ نەیگووت دوختەربازیی واتە مێبازیکردن بەزمانی شیرینی فارسیی لەبلەبان و خۆشلەفزە ؟؟؟ نەک بەکوردیی.
٢- ... لێرەدا عامرو هاوبیرەکانی بۆی هەیە بڵێن حەمیدی تەقوایی ، چەپی سوونەتیی و لاکەوتەی کۆمەڵگایە، پەیوەندییەکی بە سەرچاوەوە نەماوە ، بۆیە دەبێ خاڵی تری بۆ ڕیز

بکەین. کاک فاتیحی شێخولئیسلام ، چی بەسەرکردەکانی کورد نەگووت ، بەدەنگی خۆی بەڕەنگی خۆی بەگەرووی خۆی؟! تەنانەت بەزمانی فارسیش نەک بە کوردیی ،جنێوەکانی دەرنەدەپەڕاندو شێخ مەحموود و قازی موحەمەد و مەلا مستەفای گوڵباران نەدەکرد!... مرۆڤ لەڕووی نایات ئەو وشانە بنووسێتەوە کەکاک فاتیح بەمەلاشوویەوە نوسابوو وەکو دیژلەمە دانە دانە دەیخرماندن .

٣-لیدەری حیزبەکەی عامر، گاڵتەو سووکایەتی بەئالای کورد نەکردو بە ڕەمزی کۆنەپەرستی نەچوواند، فلانی ترتان چی بە شێخ مەحموود نەگووت؟، نەتانگووت خولە قوپچە! .
٤- لەوە سووکایەتی زیاتر چی بەگەلی کورد ، کە بەس باسی کورد دەکەن ناسیۆنالیزمتان بیر دەکەوێتەوەو دەڵێن ناسیۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت ، ئەگینا لەهیچ کوللەگەیەکی تەرو وشکی حیزبەکەی عامردا باسێکی ترلەسەر ناسیۆنالیزم نییە . لەوە سووکایەتی زیاتر بەکەرکوکییەکان چیتر هەیە، کە دالدەی هەرچی بەعسیی و تەعریب و جاش هەیە دەیدەن لەکەرکوکدا ، نامە دەنێرن بۆ کۆفی ئەنان و لێی دەپاڕێنەوە کە کورد هەڕەشەی لافاوی خوێن لە تەعریبەکان دەکات.

عامر هاتووە دەستی چەوری خۆی و حیزبەکەشی بە سەری سەلاحی گەرمیاندا دەهێنێ و ئامۆژگاری سەلاح دەکات کە قسەی سیاسیی بکات، عامر دەنووسێت " سەلاح بەمن دەڵێت ( فەریکە سیاسی ، فەریکە کۆمۆنیست ،شاگرد) پەنابردن بۆ ئەم جۆرە قسانە کاری کەسێکی لێهاتوو بەتوانا نییە. کەسێک کە قسەی سیاسی و وەلامی سیاسی و توانای سیاسی هەبێت پەنا بۆ ئەم جۆرە وشانە نابات . مەگەر عامر ناو پێی وایە ئەو هەموو خەڵکە لەکونە دیوارە هاتوونەتە دەر، مەگەر هەمووی چەند ڕۆژێکە لەپاڵتۆکدا ، ئەوەی لەکۆمۆنیست و مرۆڤێ مۆدێرنەوە دوورە ، عامر نەیگووت، خۆ ناکات حاشای لێبکات، دەنگی تۆمارکراوەو چەند ڕۆژ دواتریش لەچایخانەکانی پاڵتاکدا جنێوەکانی عامر دەپات دەکرایەوە ، بەتایبەتیش ئەو قسانەی ئەو هەڵبژێردرابوو بۆ جوانیی و قەشەنگیی!، ئیتر بە چ چاوڕوویەکەوە دێت ، خوێنەر هەڵدەخەڵەتێنێت و موزایەدەی سیاسیی دەکات .

لەکۆتاییدا دەبێ بڵێم بە عامر و هەموو ئەوانەی وەکو عامر بیردەکەنەوە، ئەگەر وەکو حیزبەکەتان حەزتان لەناو دەرکردنەو حەزدەکەن ناوتان بێتە ناوانە، ئەوا ڕێگای تر زۆرە بۆ خۆنمایشکردن . هەر سەلاحی گەرمیان بەتەنیا خۆی هەڵنەبژاردووە! دەیانی تر خۆیان هەڵبژاردووە، بۆ هەر گەڕتان لەسەلاح گرتووە. بەو هیوایەی عامر ناوەکان ، چیتر بەکوردیی کەچ نەنووسن ، بۆیە بەپێویستی دەزانم بەشێک لەهەڵەکانی بۆ ڕاست بکەمەوە:

١- دیسان چەوتیەکانی سەلاح گەرمیان ، چەوتییەکانی( ڕاستە) سەلاحی گەرمیان، سەردێڕی نووسینەکە دوو هەڵەی تیادایە، بەتایبەت کاتێک بزانیت ناوی سەلاحی گەرمیان ، جیاوازە لەسەلاح گەرمیان و بەمەبەستەوە بیشێوێنێت .
٢- من هیوادارم لەو گاڵتەجاڕی و سوکایەتی کردنەش بەخەڵکی کوردستان پەشیمان بێتەوەو....... سوکایەتی هەڵەیە، سووکایەتی ڕاستە، سوکایەتی کردن ، یەک وشەیە، دەبێ بنووسرێ سووکایەتیکردن .....

٣- هەر لەئێستاوە کورسیەکانی دابەش کراوە لەبەینی کۆنەپەرستان و.... کورسیەکان هەڵەیە، چونکە دوو بزوێن بەسەریەکەوە نایەن دەبێ ( ی) نەبزوێن بخرێتە نێوان ( ی ) بزوێن و ( ە) بزوێنەوە . دەبێ بنووسرێ کورسییەکانی ... دابەش کراوە، یەک وشەیە، دەبێ بنووسرێ دابەشکراوە....

٤- ڕۆژانی پێنجشەمە ،ڕۆژان دەکرێ بڵێین هەڵەی پەلەکرووزێکردنە، بەلام نووسەرێک جورئەت بکات و دەست بداتە قەڵەم ، لەبری پێنجشەممە بنووسێت پێنجشەم ، کێ گەردنی ئازاد دەکات!.

٥- سدنی هەڵەیە ، سیدنی ڕاستە ، ئەم ( ی) یە بۆ قووتدرا ، ئەوە کوردییەکەی عامر دەزانێ؟

٦- کە ئێستا خۆی کردوە بەسەلاحی گەرمیان کرد. خۆی کردووە ، یان خۆیکردووە، هەردووکیان ڕاستە، بەلام کردووە بە دوو ( و ) دەنووسرێ ، دواتر ئەم ڕستەیە " کە ئێستا خۆی کردوە بەسەلاحی گەرمیان کرد ، سەروبنی دیار نییە ، ڕستەیەکی تەواو دەرناچێت واتە ( **جملة مفيدة** ) دەرناچێت . دەبووایە بیگووتایە ( کە ئێستا خۆی کردووە بەسەلاحی گەرمیان ) کرد . واتە کەوانەیەکی دابنایە بۆ جیاکردنەوەی ڕستەکان و لکاندنەوەی بە دواهەمین فرمانەوە ( کرد ) .

٧- باسی نەکرد وە روونی نەکردەوە .... ڕستەگەلێکی سەقەتن، باسی نەکرد و ڕوونی نەکردەوە ، ( وە ) ی لەبری ( و ) پەیوەندیی بەکاربردووە.

٨- پاش ئەوەی من چەوتێکەیم ئاشکرا کرد ، دەبووایە بینووسیایە چەوتییەکەیم ( یە لەبری ێ )، ئاشکراکرد ( بەسەریەکەوە ئاشکرا کرد )

٩- پەنا بۆ ئەم جۆرە ووشانە نابات. وشە ، بەیەک ( و ) دەنووسرێت .

١٠- ئەمە ئەو ئەنجام گیری یەی لێ ناکرێ.... ڕاستییەکەی ئەو ئەنجامگیرییەی لێناکرێ ( دەکرێت لێ ناکرێ بەیەکەوە بنووسێنرێت ، یان بەجوودا ، بەلام بەیەکەوە گونجاوترە ).

١١- بەهەموو تاکێکی عەرەبم ووتبێت فاشیست ، دەبووایە بینووسیایە وتبێت واتە بەیەک ( و ).

ئەمە جگە لە چەندین وردەواڵە هەڵەی تر، کە سەری خوێنەر دەیەشێنن، بەڕاستیی ، نووسەرێک لە وەلامێکدا ئەم هەموو هەڵەیە بکات .... چۆن جورئەت دەکات دەست بداتەوە قەڵەم، بەلام لای عامر و هاوبیرەکانی هیچ شتێ شوورەیی نییە. ئەگەر ڕەخنە لەسیاستەکانیان بگری دەڵێن شتی تایبەتە، بەلام مرۆڤی سیاسیی و حیزبی سیاسیی دەبێ حیساب بۆ هەموو شتێ بکات، ئەوانەی ئاسۆ نووسیوونی لەسەر حیزبەکەی عامر ڕۆژی ٤-١-٢٠٠٥ لە سایتی دەنگەکاندا ، بەسەردێری ( گرووپی بەناو حیزبی بەناو کۆمۆنیستی بەناو کرێکاری بەناو عێراقی.....) ، نەک هەر شتی تایبەت نین، بەڵکو دەرخستنی ئەو پۆخڵەواتانەیە کە بەناوی کۆمۆنیزمەوە دەرخواردی خەڵکی کوردستان دراوەو یەکێتی و پارتی باشترین قازانجیان لێکردووە بۆ دژایەتی هەموو دەنگێکی پێشکەوتووخوازیی.

ئەگەرچی هەندێ کەس ڕەخنە لەسایتی دەنگەکان دەگرن و دەڵێن نزیکە لە حککع ، بۆ نموونە ڕۆژی ٣-١-٢٠٠٥ لای کەم چوار بابەتی ئەو حیزبەی بلاوکردووەتەوە، بەلام بەبلاکردنەوەی ڕەخنەش لەو حیزبە ، هەموو ئەو پرسیارانەش وەلام دەداتەوە کە بۆچی شتی حککع

بڵاودەکاتەوە؟ ، ئەوەتا سنووری ئازادیی ئەو مانایە دەگەیەنێت لای دەنگەکان کە ڕێگا دەدات ڕەخنەگرانی ئەو حیزبەش پەیامی خۆیان بگەیەنن، من دڵنیام کە چەندین کادیر و ئەندامی ئەو حیزبە دەنگی ناڕەزاییان لێ بەرزبووەتەوە بەرامبەر ئەو وتارەی ئاسۆ ، بەڵام ئاسۆ نەک شتی تایبەتی  باس نەکردووە، بەڵکو حەقیقەتە تاڵەکانی ئەو دیو وەهمی سیاسیی ئەو حیزبەشی بەخەڵک ناساندووە. تاکەی شەرم بکەین و بە بیانووی ئەوەی ناسیۆنالیزم و کۆنەپەرستیی سوودی لێدەبینن ، پۆخڵەواتەکان و شتەخراپەکان بشارینەوە. ئەو حیزبە دەبێ زۆر سوپاسی سایتی دەنگەکان بکات کە بەزۆرکەسی ناساندوونەو شتەکانیان بۆ بڵاودەکاتەوە، لەکاتێکدا سایتەکەی خۆیان کەڕووی هەڵهێناوەو کەس ڕووی تێناکات. بۆیە دەبێ سنگیان ئەوەندە فراوان بێت کە کاتی ئەوە هاتووە خەڵکیش ڕەخنە لەوان بگرێ و  کەمێک بەخۆیاندا بچنەوەو  بزانن سەنگ و قوورسایی سیاسیی  و کۆمەڵایەتییان چەندە؟.